گۆڤارێکی فکریی، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ساڵی نۆیەم .... ژمارە (٤٢) کانونی دووەمی ٢٠١٤



# ئیدی چیاکان دەنگیان دایەوە

## دیمانەیەك لەگەڵ خالید حوسێنی لەبارەی سێیەم رۆمانی

**لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح**

پێشەکی:

خالیدی حوسەینی ساڵی ١٩٦٥ لە کابوول لەدایکبووە، خێزانی حوسەینی بە ڕەچەڵەک کابولین. ساڵی حەفتاکان بەسەر وێستگەی ئاران و پاریسدا گەیشتوونەتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خالید لەوێ بواری پزیشکی خوێندووە. نووسەر و دکتۆری تەمەن ٤٨ ساڵ ئێستا لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەیدا لە کالیفۆرنیا دەژی و دەشیەوێت لەوێ بمێنێتەوە.




یەکەم ڕۆمانی (کۆلارەباز) بووە یەکێک لە کتێبە پڕفرۆشەکان و هاوکات فیلمی هۆلیوودی لێ بەرهەمهێنرا. حیکایەتی گەڕانەوەی بۆ ئەفغانستان وێنەیەکی تەواو جیاوازی «وڵاتی تاڵیبانەکان» نیشاندەدات وەک لە هەواڵەکانی ڕۆژانە دەبیسترێن.

ڕۆمانی «کۆلارەباز»ی خالد حسەینی کە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوبووەوە، حیکایەتی ئەمیری لاو دەگێڕێتەوە، کە پاش چەند ساڵێک لە غەریبایەتی بۆ نیشتیمان دەگەڕێتەوە، تاکو ڕووبەڕووی ویژدانی خۆی ببێتەوە. بە منداڵی خیانەتی لە حەسەنی هاوڕێی کردووە و دەیەوێت بە گەورەیی قەرەبووی خیانەتەکەی بۆ بکاتەوە. کاتێ چیرۆکەکە لە ساڵی حەفتاکاندایە لەپێش باکگراوندی حوکمی پاشایەتیی ئەفغانستان و هاتنی سوپای سۆڤیەت و گەورەبوونی دەسەڵاتی تاڵیبان. ئەم باکگراوندە سیاسییە کاریگەرییەکی کەمی لەسەر ئەو نەبوو، کە ڕەخنەگران پەسەندی بکەن و بە خێراییەکی بێوێنەوە ببێتە یەکێک لە کتێبە پڕفرۆشەکان و وەربگێڕدرێتە سەر ٤٢ زمان. هاوکات ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن دەرهێنەری هۆلیوود مارک فۆسنەرەوە خرایە سەر شاشەی سینەما.

وەک ئەواوی ڕۆژنامە ئەورووپییەکانیش باسی دەکەن، ئەو ئەدیبە ئەفغانییە توانی تەنها بە نووسینی دوو ڕۆمان ئەواوی ڕوئیاو تێڕوانینی ئەورووپییەکان سەبارەت بە مێژوو، خەڵک و وڵات و ئەو بەسەرهاتانەی بەسەر ئەفغانستاندا هاتوون، بگۆڕێت. ئێستا لەمێژ نییە سێیەم ڕۆمانی لەژێر ناونیشانی (ئیدی چیاکان دەنگیان دایەوە) بڵاوبووەتەوە و لەم دیدارەدا قسە لەسەر ڕۆمانە نوێیەکەی و نیشتیمانی کۆن و نوێی دەکات.

*** ڕۆمانە نوێیەکەتان لەژێر ناونیشانی (ئیدی چیاکان دەنگیان دایەوە) دکتۆرێکی تێدایە لە کالیفۆرنیا دەژی، کە لەو ئان و ساتەدا ئامێرێکی ستیریۆی زۆر گرانی کڕیوە و لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە جۆرێک لە خەتا دەکات چونکە بێچارانە بیر لە هاونیشتیمانییە ئەفغانییەکانی دەکاتەوە، کە خوا دەزانێت خەم و خەفەتی دیکەیان هەیە وەک لە شتی لەو جۆرە. ئایا ئەمە پۆرترێیەکی خودی خۆتانە؟**

- ئەو هەست بە خەتا کردنە، هەستی ئەو کەسانەیە کە خۆیان لە کارەساتێک دەربازبوون، لە کاتێکدا خەڵکانی دی دەرباز نەبوون، ئەوە شتێکی زۆر ڕوونە. تەنانەت بە جۆرێک لە جۆرەکان من سوود لە ناڵە و بەدبەختیی هاونیشتیمانییەکانی خۆم دەبینم، چونکە من سەبارەت بەوان دەنووسم و لەو ڕێیەوە پارە پەیدا دەکەم. زۆرێک لە کاراکتێرەکانم بەو دەردەوە دەناڵێنن.

*** بەو مانایە ئێوە سوودتان لە یازدەی سێپتەمبەریش بینیووە؟**

- بەڵێ بێگومان. کێ دەزانێت ئاخۆ کۆلارەباز لەژێر هەلومەرجی دیکەدا هەرگیز بڵاو دەکرایەوە؟ من ئەوکات دەستم بە نووسینی ئەو کتێبە کردبوو - هەروا، بۆ ئێبینیان بەبێ ئەوەی نیازم هەبێت بڵاوی بکەمەوە، کە یانزەی سێپتەمبەر ڕوویدا، خێزانەکەم پێیگوتم: تۆ دەبێت ئێستا تەواوی بکەیت، لەمەوبەدوا خەڵکی تەنها وەک تیرۆریست و پیاوکوژ و دەرمانفرۆش بیر لەئەفغانییەکان دەکەنەوە. تۆ دەبێت ئەفغانستانێکی دیکە نیشانی خەڵکی بدەیت.

* کابولی پێش تاڵیبان؟

- کابوڵی منداڵیی من لە واقیعدا دوورگەیەکی لیبێراڵیی ناو وڵاتێکی دینی و کۆنسێرڤاتیڤ بوو. خێزانەکەی من دیدێکی زۆر ڕۆژئاوایانەی هەبوو، ژنان بیروبۆچوونی خۆیان دەردەبڕی، وەک جلوبەرگ چیاندەویست ئەوەیان دەپۆشی، مەیان دەخواردەوە و دەچوون بۆ سەما کردن، ئوتومبێلیان لێدەخوڕی و لە زانکۆکاندا وانەیان دەگوتەوە. ئوندڕەوەکان کابولیان کردە مەملەکەتێکی تەواو نامۆ. خۆشبەختانە دایک و باوکم شانس و بێگومان پارەی ئەوەیان هەبوو وڵات بەجێبهێڵن.

* ئایا وەک نیشتیمانێک هەستتان بۆ ئەفغانستان هەیە؟

__ زیاتر بەبێ ویستی خۆم، من زۆر دەمێکە لەوێ نەماوم. چەند خۆشحاڵیشم کە وایە: کارەساتەکان هێندە زۆرن کە دەشیا بەسەرمدا بێن. ئەفغانستان سی ساڵ لە جەنگدا بوو، یەک تاقە خولەکی چییە بەر من نەکەوتووە. ئێمە لە پاریس بووین، کاتێک جەنگ هەڵگیرسا، ئیدی ڕۆیشتین بۆ ئەمریکا، ئیدی هەرلەوێش بووم بە دکتۆر و نووسەر. ناتوانم دەریبڕم خاوەنی چ بەختێک بووم.

*** ئێوە تەمەنتان پازدە ساڵان بوو کە لە کالیفۆرنیا نیشتنەوە. هەر ئەوکاتیش خۆت بە کەسێکی بەختەوەر دەبینی؟**

__ نەخێر، هەستم بە شۆکێکی کولتوریی قووڵ دەکرد. ئینگلیزیم نەدەزانی، هاوپۆلەکانم لە (های سکوڵ) بەتەواوی پەراوێزیان خستبووم. بۆ دایک و باوکم ژیان لە غەریبایەتی تەنانەت سەختتریش بوو. دایکم مامۆستا بوو، بەڵام لە ڕێستۆرانتێکی هەرزاندا وەک خزمەتکاری ئیشی دۆزییەوە، باوکیشم، کە باڵیۆز بوو، وانەی فێربوونی شۆفێری دەوتەوە. نەوەک ئەو کارانە کاری شەرمەزانەیە نەبن، بەڵام دایک و باوکی من لە کابوڵ هێندە ناسراو بوون، هێندە هاوڕێیان هەبوو و دەستڕۆیشتوو بوون - لە ئەمریکاش کەسانێک بوون نەدەبینران، کەس گرنگی پێنەدەدان.

*** ئایا هێشتا هەست بە پەراوێزخراوی دەکەن؟**

- ئەو پرسیارەم تەنها لە گەشتەکانمدا بۆ کۆڕەکان لێدەکرێت، لەکاتێکدا خەڵکی کەمێک لە هاوشێوەکانی خۆم لە کتێبەکانمدا دەناسنەوە و هەستکردن بە خەتا بەرامبەر بە خزمە بێدەرامەتەکانی ئەفغانستان وەک جۆرێک لە جەرگبڕاوی و ئاوارەیی تەفسیر دەکەن. لەکاتێکدا من زیاد لە سی ساڵە لە ئەمریکا هەستی نیشتیمانیم هەیە. بۆ ئێبینیان شتێکی زۆر کۆمیدییە کاتێک خوێنەرەکانم، یاخود ڕۆژنامەنووسان سەرسام دەبن، کە دان بەوەدا دەنێم هاندەری زنجیرەی وەک (Game of Thrones) یاخود دیاردەی دیکەی کولتوری پۆپم، وەک ئەوەی ئەفغانییەکانی هەندەران تەنها بۆیان هەبێت لە نووسین و شیعرە فارسییەکاندا قووڵ ببنەوە.

*** کەی هەستتان بەوە کرد کە ئەوا ئێستا کەسێکی بەناوبانگن؟**

__ کاتێک لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پرسیار و وەڵامدا، ناوی من وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکان بوو. تەنانەت خزمە هەرە دوورەکانم تەلەفوونیان دەکرد و دەیانوت: خالید بیخەرە سەر کەناڵی حەوت، ناوی تۆیان وت! ئیدی لەوکاتەوە نەخۆشەکانم ئیمزایان لێ دەویستم.

*** پەشیمانی لەوەی کە وازت لە پیشەی پزیشکییەکەت هێناوە؟**

- بە هیچ شێوەیەک. من پزیشکێکی بەختەوەر نەبووم. پیشەیەکی دڵفڕێنە، بەڵام بۆ من نا. من کەیفم بە نەخۆشەکانم دەهات، بەڵام نەک بەو هەقیقەتەی کە ئەوان نەخۆش بوون. بەجدیمە، حیکایەتی نەخۆشییەکانیان کاریگەرییەکی ئێجگار زۆریان لەسەر من هەبوو، هەمیشە کەمێک مەلوول بووم.

*** دایک و باوکتان شانازییان بە بڕوانامەکەتانەوە دەکرد؟**

- بێگومان! ئەوە ئامانجی

خەونەکانی هەموو غەربیەکانە: منداڵەکەیان دەبێت بە دکتۆر، ئەندازیار یاخود مافناس. من هەر بە منداڵی حەزم دەکرد ببم بە نووسەر، بەڵام بە شتێکی گەمژانەم دەزانی ئەوە وەک خواستێکی پیشەیی دەریببڕم. یەکەم ڕۆمانم لەڕاستیدا تەنها بە چەشنێکی لاوەکیانە دەنووسی، وەختە بڵێم بە دزیەوە، بەیانیان زوو، بەر لەوەی عیادە بکرێتەوە.

*** هیچ کەسێک هەبوو لە خێزانەکەتاندا خاوەنی توخمێکی هونەری بێت؟**

- بەڵێ، بەڵام هیچکەس شوێنی نەدەکەوت. باوکم توانای وێنەکێشانی هەبوو و حەزی لە شیعر بوو، بەڵام هونەر وەک سەرچاوەی بژێوی ژیان و نان تەماشا نەدەکردا. بەوچەشنە ئەو و دایکم زۆر خۆشحاڵ بوون کاتێک دەستم بە خوێندنی پزیشکیی کرد. هیچ شتێک لە پزیشکی دڵنیاتر نییە، خەڵکی هەمیشە نەخۆش دەکەون.

*** ئەی کەی عیادەکەتان داخست؟**

- سەرەتا ساڵ و نیوێک پاش بڵاوبوونەوەی کۆلارەباز، لەوە زووترم بە نەشیاو دەزانی.

*** لەمێژ نییە ئێوە وتتان، گەر ئەمڕۆ بوایە، کۆلارەبازتان تەواو بە چەشنێکی دیکە دەنووسی؟**

- من ماڵئاواییم لە فکرەی دابەشبوونی چاک و خراپ کردووە، بەڵام لە کۆلارەبازدا ئەو دابەشبوونە تەواو ڕوونە، کێ باشە و کێ خراپە. ئەمڕۆ لە خۆم دەپرسم ئاخۆ مرۆڤ ئەسڵەن دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. هەربۆیە لە سەرەتای ڕۆمانە نوێیەکەمدا یەکێک لە وتەکانی ڕۆمی دەهێنمەوە کە دەڵێت: لەودیوی دروستیی و نادروستییەوە جێیەک هەیە، لەوێ یەک دەبینین.

**هیوادارم کە نەوەی دوای ئێمە دەسپێکێکی نوێ بخوڵقێنێت. گەنجانی ناو ئەفغانستان، کە ژمارەیان زۆر زۆرە، گۆڕانکارییان دەوێت. تەشەنەی دوانزە ساڵی ڕابردوویان بەلاوە گرنگە**

*** ئایا بۆ ئێوە ئەو وتەیە واتایەکی سیاسیی هەیە، بەوەدا کە ئەو هەڵبەستەوانێکی فارسە؟**

— بۆ من زیاتر حیکمەتی پیرییە. هیچ جیهانێک لەڕەنگی ڕەش و سپیدا بوونی نییە. کاتێک گەنج و کەم ئەزموون بووم هەمیشە خەمم بوو، کە ئاخۆ خوێنەرەکانم تێدەگەن کە من دەمەوێت بڵێم چی. ئەمڕۆ متمانەم پێیانە و بە زەرووری نازانم پەیامەکە بە پوختەکراوی بخەمە بەردەمیان.

*** ئایا بۆ ڕۆمانی (ئیدی چیاکان دەنگیان دایەوە) ئیلهامتان لە چی ڕووداوێکی ڕاستەقینەوە وەرگرتووە؟**

- چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ڕۆژنامەدا شتێکم سەبارەت بە جوونیاری ئەفغانی داماوکەوتوو خوێندەوە، کە منداڵەکانیان بە خەڵکانی پارەداری شاری فرۆشتوەتەوە: ئەمە لەلایەکەوە بۆ ئەوەی هەلی ژیانێکی باشتر بۆ ئەو منداڵانە برەخسێنن، لەلایەکی دیکەشەوە ئاوەکو بەو پارەیە ژیانێکی باشتر بۆ ماباقیی خێزانەکە دەستەبەربکەن. چەندە غەمگینە! کاتێک لەگەڵ باوکم باسی ئەو مەسەلەیەم کرد، وتی: ئاە ئەوە شتێکی نوێ نییە، ئەوە دەیان ساڵە هەیە و بەداخەوە دیاردەیەکی باوە. من تووشی شۆک بووم. ئیدی کەوتمە بیرکردنەوە، کە ئاخۆ کەسێک چی بەسەردێت، کاتێک دەستبەرداری بەشێک لە خودی خۆی دەبێت، ئاوەکو بەشێکی دیکەی خۆی ڕزگاربکات. کە ئاخۆ دەبێت ئەوە چی هەستێک بێت.

* ئێوە خۆتان خاوەنی کچێکی دە ساڵان و کوڕێکی دوانزە ساڵانن. ئایا ئەوان هەردووکیان بە زێدی ئێوە ئاشنان؟

- من خەون بەوەوە دەبینم ڕۆژێک لە ڕۆژان بیانبەم بۆ ئەفغانستان، بەڵام هەتا ئێستا بە کارێکی ئێجگار مەترسیداری دەزانم.

*** کچە فرۆشراوەکەی ناو (ئیدی چیاکان دەنگیان دایەوە)، براکەی و پاڵاوانی ناو کتێبەکانی دیکەشتان لە تەمەنی منداڵەکانی خۆتاندان؟**

- بۆ من ئەو تەمەنە، تەمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێشە. لەو تەمەنەدا من زێدی خۆمم جێهێشت. ئەوە کتومت ئەو زەمەنەیە کە تیادا منداڵان هەست دەکەن کە جیهان زۆر لەوەی کە هەتاوەکو ئێستا بۆی چووبوون ئاڵۆزترە. بنەماکانی منداڵی دەکەونە جیرەجیر و لەقەلەق. لەناکاویش دایک و باوک و گەورەکان چیدیکە

وەک پاڵەوان نایەنە پێش چاوت. بەڕاوی من ئەوە ئەوسی زۆر تێدایە.

*** چۆن بۆ کچەکەتانی ڕوون دەکەنەوە کە لە ئەفغانستان ژن هەن، کە سەرتاپا لە پەڕۆ دەئاخنرێن و خاوەنی هیچ مافێک نین؟**

ـ پێی دەڵێم، کە ئەوە توندرەون نەوەک نۆرماڵ. هەروەها کە ئەوە شتێکی ناڕەوا و نادرووستە. فارا دەبێت هەست بە ڕەگەزە ئەفغانییەکەی خۆی بکات و شانازییشی پێوە بکات. خێزانەکەم و من دەمانەوێت منداڵەکان بە فارسی بدوێن، ئێمە ناردوومانتە خوێندنگەیەکەوە بۆ فێربوونی فارسی.

*** لە ماڵەوە بە ئینگلیزی قسە دەکەن؟**

ـ دەمێک بەم چەشنە، دەمێک ئاوها. من نامەوێت شوناسی ئەفغانییان بەسەردا بسەپێنم.

*** ئێوە بە ڕێکخراوی (خالید حوسەینی) بەتایبەتی پشتگیری پەروەردەی کچان دەکەن؟**

ـ چونکە هەمیشە کچان و ژنان سەرەتا دەبن بە ژێر پێوە. ساڵی ٢٠٠١ شتێک بوو بیری لێ نەدەکرایەوە کە کچانی ئەفغانی فێری نووسین و خوێندنەوە ببن. ئەمڕۆ ژنان بۆ سەرکۆماری خۆیان کاندید دەکەن. کەوابێ دوانزە ساڵی پاش ڕووخانی تاڵیبان بەهەدەر نەڕۆیشتوە.

*** ساڵی ٢٠١٤ ئەمریکا بەتەواوی لە ئەفغانستان پاشەکشێ دەکات. ئایا ئێوە باوەڕتان بە گەڕانەوەی دەسەڵاتی تاڵیبان و لەگەڵ ئەوەدا گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست هەیە؟**

ـ زۆرێک لە ئەفغانییەکان خەمیانە جەنگی براکوژی بەرپابێت. من واقیع بینم، بڕواشم وایە زۆر سەخت دەبێت. لەگەڵ گەڕانەوەی ئەمریکییەکاندا توندوتیژی لە وڵاتدا بەرەو زیادبوون دەچێت و ئەگەر بەڕاستیش مامەڵەو و گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان حکومەت و تاڵیباندا ڕوو بدات، ئەوا ئەنجامەکەی جێی پرسیارە. لەو نێوەندەدا گروپی پەرتەوازەی ئیسلامییە توندڕەوەکان هێندە زۆرن، مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ هەموویاندا پەیماننامەی ئاشتی ببەستێت.

*** گەشبینانە نایەتە بەرگوێ؟**

ـ بەڵێ، من هیوادارم کە نەوەی دوای ئێمە دەسپێکێکی نوێ بخوڵقێنێت. گەنجانی ناو ئەفغانستان، کە ژمارەیان زۆر زۆرە، گۆڕانکارییان دەوێت. تەشەنەی دوانزە ساڵی ڕابردوویان بەلاوە گرنگە: ئازادییەکان زیادیان کردووە، یەکسانی زیادی کردووە. هەروەها ئینتەرنێتیش بە کەم تەماشا مەکەن. من گەنجێکی زۆر لە ئینتە ر نێت

کافێ و لەسەر کۆمپیوتەر دەبینم، ئەوە چاوی کردوونەتەوە. ئەوان ئێستا دەیانەوێت گوێ لە موزیکی پۆپ بگرن، تەماشای فیلم بکەن و مشتومڕی لەسەر بکەن. دەیانەوێت کەشی وڵاتەکەیان بگۆڕن و دەرگا بەڕووی نەتەوەکانی دیکەدا بکەنەوە. بەڕای من بۆ ئەفغانستان، تەکنەلۆژیا فریادڕەسە مەزنەکەیە.

*** ئەگەر ئێوە لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ تاڵیبانەکان دانیشتنایە، چیتان بەوان دەوت؟**

ـ پێم دەگوتن، دەبێت ژنان لە سیستەمی کۆماریی نوێدا مافی قسەکردنیان هەبێت. لەوەدا مشتومڕی تیادا نییە! پیاو ناتوانێت جارێکی دیکە ژنان لە ژیانی گشتی دوور بخاتەوە، ئەگەرنا ئەم وڵاتە وێران دەبێت.

*** هەڵبەت ئێوە ئاگادارن کە ژمارەی گەورەی خوێنەرەکانتان مێینەن؟**

ـ بەڵام سەرتاپای بازاڕی کتێب لەسەر ژنان دەژی! ژنان



خالد حسینی

زیاتر دەخوێننەوە، ژنان زیاتر کتێب دەکڕن، بەڵام من خوێنەری نێرینەشم زۆرە، بەڕاستی!

*** لەگەڵ ئەوەشدا ژنان عاشقی کتێبەکانتانن — ئەگەرچی یاخود کتومت لەبەرئەوەی دەیانخەیتە گریان؟**

ـ زوو زوو گوێم لەو قسەیە دەبێت. وەسفێکی زۆر دڵخۆشکەرانە نییە! وا دەردەکەوێت، وەک ئەوەی من ئەوە بە نیازێکی سارددەوە ئەوە بکەم. لەوەدا دەتوانم دڵنیایان بکەمەوە، ئەوان لە خوێندنەوەدا هەست بە هەرچی شتێک بکەن، من لە نووسیندا دە هێندە هەستی پێ دەکەم.

*** بەڕێز حوسەینی، ئایا ئێوە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرگەورەی باڵیۆزەکانی ئەفغانستانن؟**

ـ ئەوە نیازی من نییە. من تەنها دەمەوێت حیکایەت بگێڕمەوە. ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا شتێک لەسەر وڵاتەکەی من فێر بیت: باش، بەڵام گەر من لەگەڵ نووسیندا هەوڵ بدەم خیتاب بدەم، ئەوا دەتوانم سووک و ئاسان هەمووی تووڕ بدەم، لانی کەم ژنەکەم وا دەڵێت.

*** خانمی یەکەمی پێشووی ولایەتە یەکگرتووەکان، لۆرا بووش ئێوەی بە کاریگەرترین مرۆڤی ئەم سەردەمە وەسف کرد، چونکە لە یەکەم ڕۆمانتاندا (کۆلارەباز) ئەفغانستانێکی دیکە نیشانی جیهان دەدەن وەک لەو ئەفغانستانەی کە مێردەکەی بۆمبارانی دەکرد.**

ـ من زۆر ئاگادارانە هەوڵ دەدەم چەند وێنایەکی هەڵە ڕاست بکەمەوە ... خەڵکی پێیان وایە سەرتاپای وڵات لە پشێویدا نغرۆ دەبێت و کابوڵ لەژێر داروپەردوو دایە و لەژێر هەموو بنمیچێکدا تیرۆریستێکی خودکوژ خۆی حەشارداوە. من دەڵێم: ئەو قسانە بۆ هەندێک ناوچە ڕاستن، بەڵام کاتێک من دەڕۆم بۆ کابوڵ، دەبینم خەڵکی سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانەیانن وەک لە هەموو شوێنێکی دیکەی سەر ئەم جیهانە. هەروەک چۆن لە هەموو ناوچەیەکی دیکەی قەیراندا ژیانێکی ڕۆژانە بوونی نییە. خەڵکی منداڵەکانیان دەبەن بۆ خوێندنگە، دەڕۆنە سەر کار، ئۆتومبێل لێدەخوڕن، نان دەخۆن، دەخەون. هەندێک جار پەلامارێکی تیرۆریستی ڕوو دەدات، بەڵام زەوی درێژە بە خولانەوە دەدات، ئەوانیش سەرلەنوێ سەرقاڵی خاو و خێزان و ماڵ و منداڵ و خۆیان دەبنەوە.

*** ئێوە تەمەنتان یانزە ساڵان بوو کاتێ ئەفغانستانتان بەجێهێشت. لە یەکەم ڕۆمانتاندا (کۆلارەباز) وەسفی منداڵی خۆتانتان کردووە لە کابوڵ، بەڵام سەرەتا ساڵی ٢٠٠٣ وەک نووسەرێکی بەناوبانگ، لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا زێدی خۆتان بینییەوە. ئایا گۆڕانکارییەکانتان چۆن بینی؟**

ـ بە هەستی جۆراوجۆرەوە. بەڕاستی ساڵی ٢٠٠٣ کابوڵ خەراباتێک بوو بۆ خۆی. لە جەنگدا وێران ببوو، کە ئێستا سەردانی ئەوێ دەکەم، دەبینم لە هەموو قوژبنێکدا سەرقاڵی بنیاتنانەوەن، منداڵ دەڕۆن بۆ خوێندنگە، نەخۆشخانەی نوێ، شەقامی نوێ، ناوچەی نیشتەجێبوونی نوێ و دووکان و بازاڕی نوێ دروستکراون. خانووەکان کارەبایان هەیە و منیش بە یەک بە یەکی ئینتەرنێت کافی نێتەکان خۆشحاڵم. چاوەڕوانی تەمەن بەگشتی هەڵکشاوە، ڕێژەی مردنی منداڵی مەلۆتکە دابەزیوە، نەخوێندەواری کەمی کردووە. ئەمانە هەمووی گۆڕانکاریی بنەڕەتین. لەلایەکی دیکەوە خەڵکێکی زۆر بێکارن و ئێجگار بێدەرامەتن. پەلاماری خۆکوژی زیادی کردووە، بازرگانی بە مادەهۆشبەرەکان هەرگیز لووتکەی وای بە خۆیەوە نەبینیوە.

*** ساڵی ٢٠٠٦ کۆمیسیۆنی پەنابەرانی (UN) پۆستی باڵیۆزی تایبەتی بە ئێوە سپارد و چەند جارێک ئێوەی بۆ ئەفغانستان نارد. ئایا ئەو سەردانانە تا چەند کاریگەریی لەسەر نووسینەکانتان هەیە؟**

ـ بێگومان سەرنجەکانم لەسەر کەمپی پەنابەرەکان و چارەنووسی زۆر ئەفغانی ڕێگای خۆیان بۆ ناو کتێبەکانم دەدۆزنەوە. ئەگەر دوو ڕۆمانی سەرەتام (کۆلارەباز) و (هەزار خۆری درەوشاوە)ش هێندە سەرکەوتوو نەبوونایە، ئەوا نەتەوە یەکگرتووەکان منیان هەرگیز بۆ نوێنەری کردنی خۆیان هەڵنەدەبژارد. دواجار ئێستا دەتوانم شتێک بکەم، کە باوەڕم پێیەتی و بە هیوام ژیان لە ئەفغانستان ئاسانتر و باشتر بکات.

سەرچاوە:

www. stern. de/kultur/buecher/interview-mit-khaled-hosseini-ich-freue-mich-ueber-jedes-internet-cafe-2058914.html? mobil=1


ژیاننامەی
ئالیس مۆنرۆ
شیعری «گەمژەیی»
برتۆڵت برشت،
یان مارتین نیموللر؟
١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی
ئەلبێر کامۆ
خەمخۆری مرۆڤی یاخی
گوڵشیفتە فەراهانی،
هەنگاو بەرەو بوون بە
ئەستێرەیەکی جیهانی
دەروازە

# ژیاننامەی ئالیس مۆنرۆ



لەفارسییەوە: ئایدیا

ئالیس مۆنرۆ (١٠)ی تەموزی ١٩٣١ لە کەنەدا هاتوەتە دنیاوە. باوکی جوتیار و دایکی مامۆستا بوو. ئەو هەر لەسەردەمانی لاوییەتیەوە دەستی بەکاری نوسین کردو یەکەمین چیرۆکی بە ناوی (ڕەهەندەکانی سێبەرێک) لە ساڵی ١٩٥٠بڵاوکردەوە، لە کاتێکدا هێشتا خوێندکاری زانکۆی ڤێسترن ئۆنتاریۆ بوو، . ئەو بەرلە هەڵبژاردنی کاری نوسین وەکو پیشەیەک، ئەزمونی هەندێ ئیشی وەک بەردەستی و کاری کتێبخانەی هەبووە، تەنانەت ماوەیەکیش لە کێڵگەکانی تەنباکۆ سەرگەرمی کارکردن بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ١٩٥١ وازی لە زانکۆ هێنا تا هاوسەرگیری بکات، پاشان ساڵی ١٩٦٣ ماڵی گواستەوە بۆ ڤیکتۆریا و کتێبفرۆشی (کتێبی مۆنرۆ)ی کردەوە، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

مۆنرۆ بەتایبەت لە چیرۆکەکانی سەرەتایدا بە هەندێک چەمکی وەکو پێگەیشتوویی و سازان **لەگەڵ** خێزاندا خەریک بوو، بەڵام بە تێپەڕینی رۆژگار، تێڕامانەکانی بۆ تەمەنی کامڵی و تەنیایی زیاتر بوو.

زێدی لەدایکبوونی مۆنرۆ شاری بچوکی (وینگم)ە لە ویلایەتی ئەنتاریۆی کەنەدا و فەزای چیرۆکەکانیشی بەزۆری هی شارە بچوکەکانی ئەم ویلایەتەیە. چیرۆکەکانی زیاتر شێوازێکی ئارامیان هەیە، بەڵام هەمیشە ڕووداوێک لەژێر ئەم ڕووە ئارامەدا لە تەوژم دایە، کە مۆنرۆ لە درێژەی چیرۆکەکەدا بە ناسکیەوە پەردە لەسەر ئەو نهێنیە لادەبات و لە کۆتاییدا خوێنەر سەرسام دەکات.